www.kurdistannet.org
3-4-2006 18:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گرتوخانەی کاتی بۆ ئاژاوە چیەکانی مۆند یاڵی 2006 لە ئەڵەمانیا

حکومەتی ئەڵمانیا گرتوخانەیەکی کاتی دامەزراندوە بۆ ئەوکەسانی گێرە شێوێنی دەکەن لە کاتی یاریەکانی مۆندیاڵی 2006 کە لە ئەڵەمانیا بەرێوە دەچێت لە 10 / 6 / تا 10 / 7 کۆتایی دێت.
ئەم گرتوخانەیە لە شاری هامبۆرگ دەبێ کە یەکێکە لە شارە گەورەکانی ئەڵمانیا و چەند یاریەکی مۆندریاڵ دەگرێتە ئەستۆ، ئەم گرتوخانەیە نزیکەی 150 کەس لە گێرە شێوێنەرەکان دەگرێتە خۆ.
قسەکەرێکی پۆلیسی هامبۆرگ بە ناوی (مارکو هاسی) ووتی یاسای ئەڵمانیا رێگا دەدات بە هێشتنەوەی گێرە شێوێنەکان کە لەوانەیە ماوەی دوو هەفتە لەو جێگایەدا بمێنەوە ئەمەش بۆ بەرەنگار بونەوەی چەند حاڵەتێکی پێکدادان لە نێوان تەماشاکەرانی تیپەکان، وە هیوادارین ئەم مۆند یاڵە بە ئاشتیانە بەرێوە بچێت و ناچار نەبین بۆ بەکار هێنانی ئەم گرتوخانەیە.
شاری هامبۆرگ لە 64 یاری خولی مۆند یاڵ تەنها میواندارێتی پێنج یاری دەکات، وە بریارە کە هەڵبژاردەی ئەمەریکا ش کە یەکێکە لە بەشدارانی خولەکە کە لەم شارەدا یاریەکانیان ئەنجام ئەدەن.

ئامادەکردنی
ئەنور خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت






